**هاوبەندیی پاڵپشتیکردنی پەنابەرەکان**

ناونیشان:
Xème arrondissement de Paris
52, rue Chabrol, 75010 Paris - 06.67.21.91.04
exiles10@rezo.net www.exiles10.org

## ڕێبەری چۆنیەتی داوا کردنی پەنابەری لە فەڕەنسا

ئەگەر هاتوو ئارەزووی داواکردنی پەنابەریتان لە فەڕەنسادا هەبوو، ئەوە مافی پەنابەری دەست نیشان کراوە، بە گوێرەی ڕێککەوتننامەی جیهانی" نەتەوە یەکگرتووەکان" ساڵی 1951 لە ژنێف. هەروەها دەست نیشان کراوە لە کۆدی (قانوون) فەڕەنسا بۆ هاتن و نیشتەجێ بوون لە وڵاتانی تر.
مافی پەنابەری بۆ گشت ئەو کەسانەیە کە ترسی تۆقاندن و ئازاریان لە سەرە، لە بەر هۆی رەگەز، ئایین، نیشتمان پەروەری، یا خود یەکێک بێ لە چەند گرووپێکی کۆمەڵایەتی یا لە حیزبێکی سیاسی، کە خۆی لە بارودۆخێکی تایبەت دوور لە وڵاتەکەی دەبینێت و بەم مەترسیە ناتوانێ پەنا بە وڵاتەکەی خۆی بدات و داوای بەرگری لێ بکا.

بۆ هەموو ئەو هەنگاوانە کە لە لاپەڕەکانی دواتر باس دەکرێت، بزانە کە دەبێت:

- پێویستە هەموو ئەو بەڵگەنامە و ناسنامانە فۆتۆکۆپی بکەیت کە پێشکەشی دەکەیت بۆ کاروباری ئیداری لە کاتی داواکردنی مافی پەنابەری.
- پێویستە سەرجەم بەڵگەنامە ڕەسەنەکان (ئۆریجیناڵ) لای خۆت بپارێزیت (جگە لە کارتی ناسنامەو ڕەگەزنامە و بەڵگەنامەی سەفەر - پاسسپۆرت-، ئەگەر هەتبوو، پێویستە بدرێتە OFPRA) .
- پێویستە هەموو ناردنەکانت (پۆستکردنی بەڵگەنامەکان) بە پۆستی گەرەنتی بنێردرین و بەڵگەنامەی ناردن (ڕەنگی شین) ە و بەڵگەنامەی وەرگرتن (ڕەنگی پەمەیی) ە بپارێزرێت.

### <u>نیشتەجێ بوون</u>

ئەگەر ئارەزووی پەنابەریت لە فەرەنسادا هەیە، یەکەم شت دەبێ ناونیشانت هەبێ:

- یان لە لای کەسێک کە نیشتەجێ یە لە فەڕەنسا، پێویستە بەڵگەنامەیەکی میوانداریەتیت بداتێ، لە هەمان کاتدا لە گەڵ بەڵگەنامەکە، ناسنامەی خۆی، یا خۆ بەڵگەنامەی کرێی خانووی(کۆپی) یا خۆ ئەگەر خاوەن خانوو بێت، بەڵگەنامەی خاوەنیەتی خانووکەی، یان بەڵگەنامەی کارەبا یا تەلەفونی ماڵ (جێگیر) ی بداتێ.( نەوەک مۆبایل).
- یان لە لایەن ڕێکخراوێک میوانداری کرابێت کە لەلایەن پارێزگای شارەکە قبوڵکرابێت. "تەماشای لیستی پێشکەش کراو بکە لە ڕێبەری پەناهەندەیی " ڕێکخراوەکە دەتوانێ پروانامەیەکی جێگر بێ بوونتان بداتێ.
- ئەم ناونیشانە مەرج نیە ئەو شوێنەبێت کە کەسەکەی لێ ئەژیت، واتە کەسەکە ناچارنیە لەم شوێنە بژی، بەڵکو ئەو ناونیشانەیە کە بەکاردیت لە لایەن سەرجەم دامودەزگاکانەوە بۆ پەیوەندی پێوەکردنی. سەرجەم نامەکانت دێن بۆ ئەم ناونیشانە.

نەوجەوانان (خوار 18 ساڵ)
ئەم دوکومێنتە (ڕێبەر) ە بخوێنەوە + ئەو بەشەی کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ئێوەوە هەیە. (لاپەڕەی 6)

**قبووڵ کردنی نیشتەجێ بوون لەلایەن پارێزگای شارەکەوە**

1) داواکردنی یەکەم: لە گەڵ ئەم بەڵگەنامەیە، دەتوانێ بچیتە پارێزگای شارەکە یا خۆ ئەو بەشەی کە تێیدا دەژی بۆ وەرگرتنی ڕوخسەتی مانەوەتان لە فەڕەنسا.
ئەگەر هاتوو لە پاریس بوویت سەردانی سەنتەری وەرگرتنی بێگانەکان بکەو ئەمەش ئادریسەکەیەتی.

218, rue d'Aubervilliers, métro Crimée, 75019 Paris.

هەوڵبدە بەیانیان زوو سەردان بکە، چوار وێنەی ناسنامە لەگەڵ خۆت بەرە. ئێوە ئازادن وە نەک مل کەچ بۆ تەنها نیسان دانی یروانامەی ناسنامە یا خۆ پاسپۆرت، ئەگەر هەتان بێت.
ئەگەر هاتوو پارێزگای شارەکە داواکەتی رەت کردەوە، یا خۆ نەتان توانی بچنە ژوورەوە، ئەمە یاسایی نیە، دەتوانن داوایەک پێشکەش بە دادگای ئیداری ناوچەکە بکەن ( سەردانی هاوبەندی پاڵپشتیکردنی پەنابەران یان ڕێکخراوێک بکە بۆ یارمەتیدان).
لە پارێزگا دەبێ دۆکیومنتێک پڕ بکەنەوە کە پێی دەڵێن، بەیاننامەی پەناهەندەیی و لە پاشتر چاوپێکەوتنێک بۆ ئامادە دەکات. هەروەها پارێزگا دەبێت ڕێبەرێکی داواکردنی پەنابەریت بداتێ.
ئەم دوکیومێنتە پڕ دەکرێتەوە بە نووسینی ناو و ناوی باو و باپیرتان، رەگەزنامە، رێکەوتی لە دایک بوونتان، لە گەڵ شوێنی لە دایک بوونتان، ناوی باوک و دایکتان. هەروەها پێویستە ناوی ئەو ووڵاتانەبنوسیت کە پێیدا تێپەڕیویت پێش ئەوەی بگەیتە فەڕەنسا.
ئاگادار بە ئەگەر هاتوو لە لیستی وڵاتانی تێپەڕ بوو یەکێک لە وڵاتانی یەکێتی ئەوروپی تێدا بوو، (بۆ نموونە یونان، ئیتالیا، ئەڵمانیا، نەمسا...) فەڕەنسا دەتوانێت تۆمارکردنی داوای پەنەبەریەکەت ڕەت بکاتەوەو دەتوانێ ڕەوانەی یەکەم وڵاتی (ئەوروپی) ت بکاتەوە کە پێیدا هاتووی.

- کەی چوویتەوە بۆ دووەمین چاوپێکەوتن بۆگەڕاندنەوەی دۆکیومێنتە پرکراوەکە " لە پارێزگا کوپی پەنجەکانت دەکەن. ئا لەم چاوپێکەوتنەدامافی مانەوەت لە فەڕەنسا یان ڕەتکردن و قەبووڵ نەکردنت دەدرێتێ.

**مانەوەت قەبووڵ کرا لە فەرەنسا بۆ نیشتەجێ بوون:**

پارێزگا داواکەت تۆمار دەکا، لەماوەی 15 رۆژدا، مۆڵەتی کاتیی نیشتەجێ بوون "سەوز، APS " ت دەداتێ بۆ یەک مانگ لە ژێر ناونیشانی" لە ژێر ڕۆشنایی ئەنجامدانی کارەکانی لەOFPRA ". لە هەمان کاتدا (فۆرمی داواکردنی مافی پەنابەریتی) ت ئەداتێ کە دواتر پێشکەش بە OFPRA[1] ئەکەیت.

**پارێزگا داواکەت ڕەت دەکاتەوە بۆ نیشتەجێ بوون:**

1- ئەگەر هاتوو وڵاتێکی دیکەی یەکێتی ئەورووپی ڤیزای پێ بەخشی بووی یان کۆپی پەنجەکانتی وەرگرتبوو، پێش ئەوەی بێتە فەڕەنسا،
فەڕەنسا چاو ناخشێنێت بە دۆسیەکەتدا- بەشێوەیەکی گشتی، چونکە هەندێک حاڵەتی زۆر کەم هەیە کە ئەکرێت- وە داوای پەناهەندەیتان وە مەترسی رەوانە کردنەوەتان هەیە بۆ ئەو وڵاتەی کە ڤیزای پێ بەخشیوبت یان کۆپی پەنجەکانتی وەرگرتووە.
2- لە سێ حاڵەتی تردا، کە پێچەوانەی حاڵەتی یەکەمە، دەتوانن داوای پەناهەندەیی بکەن لە فەڕەنسا، بەڵام بە پێی "پرۆسەیەکی تایبەت -لە پێشتر-" ، بە مانای بە بێ هیچ بەڵگەنامەو داوای یارمەتی دارایی.
حاڵەتی یەکەم، ئەگەر هاتوو لە وڵاتێک هاتبوون کە بارودۆخی ئاسایی و تەواوە لە لایەن فەڕەنساو وڵاتانی یەکیەتی ئەورووپی" پێشکەوتن و ئاشتی و دیموکراسی" واتە وڵاتەکەت هەنگاوی باشی ناوە بەرەو ئاشتی و دیموکراسی.
حاڵەتی دووەم: فەڕەنسا حوکمی ئەوە دەدات کە مانەوەتان لە فەڕەنسا مەترسییەکە بۆ نیزامی دەوڵەتەکەیان یان هێمنی وڵات.
حاڵەتی سێیەم: ئەگەر هاتوو داواکەت بۆ پەنابەری لە سەر چەند بەڵگە نامەیەکی نادروست بوو (ناسنامەی ناردروست، چەندین جار داوای پەناهەندەیی کردبێت،...) یان داواکاریەکەت دوای دەرچونی بریاری ناردنەوەت(دوورخستنەوە) پێشکەشکردبێت.
ئا لەم حاڵەتەدا، ئۆ،ف،پێ،ر،ا (OFPRA) لە ماوەی 15 رۆژدا بریار دەدات کە مافی پەنابەریت پێ بدا یان نەتداتێ. وە ئەگەر هاتوو ئێوە لە سەنتەری دەسبەسەرکردن بوون " زیندان" دا بوون ئەوا (OFPRA) لە ماوەی 4 ڕۆژدا دەبێت وەڵامتان بداتێ.

[1] *OFPRA : Office Français de Protection des Réfugiés et Apatrides.* 201 rue Carnot - 94136 Fontenay sous bois

2) لە ڕێگەدان بە مانەوەت بۆ ماوەی یەک مانگ (سەوز) بۆ مۆڵەتی سێ مانگی (récépissé) وە نوێکردنەوەی

أ) ئەگەر هاتوو دەسەڵاتدارانی پارێزگا " پرۆسەی تایبەت" ی سەپاند لە سەرتان بە بێ(APS) "سەوز" ئەوا ئەم بەشە ئێوە ناگرێتەوە. چونکە هەرگیز نە مۆڵەتی مانەوە (کارتی ئیقامە) و نە یارمەتی دارایی نە ماڵت نادەنێ لە ناوەندێکی تایبەتمەند.

ب) ئەگەر مۆڵەتی مانەوەی یەک مانگی (APS) "سەوز" تان وەرگرتبوو وە لای کەسێک ئەژیان یان لە سەنتەرێکی تایبەتمەند بۆ داواکارانی مافی پەنابەری (CADA, AUDA) هیچ کێشەتان نابێت بۆ بەدەستهێنانی (récépissé) کە ماوەکەی سێ مانگە لەوکاتەوە کە (OFPRA) نامەی تۆمارکردنی دۆسیەکەت بۆ دەنێرێ(لە خوارەوە بنواڕە "پێشکەشکردنی داواکاریەکەت لە OFPRA ").

بەهەمان شێوە بۆ نوێکرنەوەی (récépissé) هەر سێ مانگ جارێک هیچ کێشەت نابێت.

ت) بەپێچەوانەوە، ئەگەر تەنها لای ڕێکخراوێک ناونیشانتان هەبوو بۆ هاتنی نامەکانتان (خۆت لەو شوێنە نە ئەژیایت) لەوانەیە توشی هەندێک گیروگرتف ببیت. هیچ کێشەت نابێت بۆ بەدەسهێنانی یەکەم (récépissé) لەوکاتەوە کە (OFPRA) نامەی تۆمارکردنی دۆسیەکەت بۆ دەنیرێ(بنواڕە خوارەوە). بەڵام لەوانەیە ئەو گیروگرفتانە لەکاتی نوێکردنەوەدا بێنە ڕێت. "لەوانەیە" چونکە نا چونیەکی هەیە لە نێوان ئەوەی نوسراوەو ئەوی بڕیاری لێ ئەدەن

2005-10-12، چەند دادوەرێکی بڵند پایە (ئەنجومەنی ڕاوێژکاری ووڵات).

بەلای ئەم دادوەرانەوە، پارێزگا بۆی هەیە داوای ناونیشانی ڕاستەقینەی نیشتەجێبونی خۆتت لێبکات. بەڵام بۆی نیە (récépissé) بۆ نوێ نە کاتەوە ئەگەر نەت توانی بەڵگەی نیشتەجێبون پێشکەشبکەیت.

بەڵام بەپێی دەقە یاساییەکان (نوسراو) پێویستە بەڵگەنامەی نیشتەجێبوونت هەبێت.

زۆربەی پارێزگاکان داوای بەڵگەنامەی نیشتەجێبوون ئەکەن، بە پێچەوانەوە (récépissé) نادەنێ. لە کاتێکدا ئەمە یاسایی نیە.

لەم حاڵەتەدا پەیوەندی بە ڕێکخراو تایبەتمەندو شارەزا بکە و داوایان لێبکە یارمەتیتبدەن بۆ پێشکەشکردنی "پیاداچونەوە و چاو پیاخشاندنەوەی ئازاد" لە دادگای ئیداریی دژی پارێزگا بۆجێبەجێکردنی بڕگەی 4 لە (بڕیاری ئەنجومەنی ووڵات 12-10-2005)

[Si vous êtes dans ce cas, prenez contact avec une association compétente et demandez-lui de vous aider à déposer un « recours en référé-liberté » au tribunal administratif contre la préfecture pour obtenir l'application de la décision du Conseil d'Etat n 273202 datée du 12 octobre 2005 sur l'article 4]

**چۆنیەتی پێشکەش کردنی داوای پەناهەندەیی لە "ئۆ، ئێف، پ،ر،ئا- OFPRA " ئۆفیسی فەڕەنسی بۆ بەرگری کردن لە پەناهەندەو بێ ڕەگەزنامەکان**

ئەگەر هاتوو پارێزگا دۆسیەی داواکاری پەناهەندەیتانی پێ بەخشی، لەم حاڵەتە ئەبێ (OFPRA) ئەم دوسیە وەربگرێت لە ماوەی 21 ڕۆژدا. پڕ کرابێتەوە بە زمانی فەڕەنسی و ئیمزا کرابێت و یەک کۆپی بۆ ئا(APS) ئاس،پێ ی لە گەڵدا بێت، لە گەڵ دوو وێنەی ناسنامە.

ئەبێت سەرجەم زانیاریەکانی پەیوەندیدار بە ناو، نازناو، ڕۆژی لە دایک بوونتان، ڕەگەزنامەو هەروەها ناونیشانی ئێستاتان پێشکەش بکەیت.

- ئەگەر هاتوو شوێنی نیشتەجی بوونتان لە لای کەسێک بێت، پێویستە ناو و ناونیشانی ئەو کەسە بدەیت بۆ ئەوەی ئەگەر هاتوو هەر نامەیەک لە لایەن (OFPRA) وە بۆ هات، بە ناونیشانی ئەو کەسە بنێردرێت بە درێژایی هەنگاوەکانی وەرگرتنی مافی پەناهەندەییت. لە کاتی هەر گۆڕانێک لە ناونیشان پێویستە بە زووترین کات ئاگاداری سەرجەم لایەنە ئیداریە پەیوەندیدارەکان بکەیت بە نامەیەکی تایبەت کە بەڵگەنامەی ناردن و وەرگرتنی لە گەڵدا بێت" شین و پەمەیی" .

ئەبێ بارودۆخی خێزانیت، پسپۆریت، ڕێکەوتی بەجێهێشتنی وڵاتەکەت و گەیشتنت بۆ فەڕەنسا دیاری بکەیت. وە هەروەها ئەو وڵاتانەی (ڕێگا) کە پێیدا تێپەڕیوی بۆ هاتنت بەرەو فەڕەنسا، لەگەڵ ئەو هۆی هاتوچۆ کردنانەی کە بە کارت هێناوە بۆ هاتنت بۆ فەڕەنسا، لە گەڵ هۆی راستەقینەی داواکردنەکەت بۆ پەناهەندەیی.

- هەر داواکاریەک بە شێوەیەکی ناتەواو پڕکرابێتەوە لەوانەیە ڕەفز بکرێت بەبێ چاوپێکەوتن. داواکارییەکی باش بەندە لەسەر بەسەرهاتە تایبەتیەکانی کەسەکە لە لێدان یان ئەشکەنجەدان (بەروار، شوێن، بارودۆخ، ئەنجامدەران،...) بە ووردەکاریەکانیەوە نووسرابێت و باس کرابێت هاتووە هەرچەندە وابزنیت ئەوەی باسی دەکەیت زۆریش گرنگی نیە. ئەگەر تەنها باسی بارودۆخی سیاسی وڵاتەکەت بکەیت بەشێوەیەکی گشتی، ئەوەندە فرسەتی سەرکەوتنت نابێت. لە کاتی پێویستدا، دەتوانیت چەند لاپەڕەیەکی دیکە بخەیتە سەر ئەو دۆسیەیەی کە لە (OFPRA)

وەرتگرتوە، لەگەڵ هەر بەڵگەیەکی تر (بەڵگەی سەلماندن، ڕۆژنامە و گۆڤار،...هتد) هەموویانی پێوە بلکێنە.
هەرکاتێک بەتەواوی پڕتکردەوە، بینێرەوە بۆ (OFPRA) بە نامەی تایبەت کە بەڵگەی ناردن و وەرگتن (شین و پەمەیی) لەگەڵ بێت یان خۆت بیبە بۆ (OFPRA) و بیدەرە دەستیان (ئەگەر خۆت بردت، پرسگەی (OFPRA) پێویستە بەڵگەیەکت بداتێ کە دۆسیەکەیان لێوەرگرتویت).
ئەگەر هاتوو داواکەت نەگەیشتە (OFPRA) لە ماوەی 21 ڕۆژ، لەم حاڵەتە داواکەت چاو پێناخشرێت وە ڕێگەت پێنادرێت چیتر لەسەر خاکی فەڕەنسا بمێنیتەوە.
(OFPRA) بەڵگەی گەرەنتی گەیشتنی نامەکەت بە نامە بۆ دەنێرێت و تۆ وەڵامە ئەسڵی یەکە بە جوانی لای خۆت بپارێزە. بەم نامەیە لە پارێزگا مۆڵەتە یەک مانگیەکەت (APS) بۆ دەگۆڕن بە سێ مانگی (récépissé) "زەرد".

- ئەگەر هاتوو پاش ماوەیەکی تر چەند زانیارییەک یا چەند دۆکیومێنتێکی تری نوێت بۆ هات کە داواکەری پەناهەندەیت بە هێز دەکات، دەتوانێ وە بێ چاوەڕوان کردن دۆسیەی پێشترت تەواو بکەی، هەتا پاش چاوپێکەوتنیش تاوەکو بڕیار دان. هەموو جارێک کە نامەیەک یان دۆکیمێنتێک دەنێریت - بە پۆست وە نامەی تایبەت لەگەڵ بەڵگەی گەرەنتی وەرگرتن- بۆ تەواو کردن، ژمارەی دۆسیەکەت دەنێردرێت بۆ (OFPRA) کە لە نامەی تۆمارکردندا بۆیان ناردویت (بۆ نموونە: 2005-8-00522).
- هەموو دۆکیومێنتێک کە زیادی دەکەیت بۆ دۆسیەکەت وە دەینێریت بۆ (OFPRA) ئەبێت بە زمانی فەڕەنسی وەرگێرابێت. لە لایەن وەرگێری فەرمی( ڕەسمیەوە). (OFPRA) پاسپۆرتی کەسی داواکار لای خۆی دەپارێزێت ئەگەر هاتوو کەسەکە پاسپۆرتی هەبوو.

**بڕیاردانی (OFPRA)**

(OFPRA) بڕیاری خۆی وەردەگرێ لە سەر داوای پەناهەندەیتان، پاش چاوپێکەوتن لە گەڵتان یا خود بە بێ ئەوەی داوای چاوپێکەوتنتان لە گەڵدا بکات.
لەکاتی چاوپێکەوتندا، مەترسە و هەرچیت هەیە بە سەربەستی بیڵێ. ئەوکەسەی کە لە (OFPRA) کاردەکات ملکەچی ڕێنماییە ئەمنیەکانە وە ئەرشیفەکانیش نهێنین و کەس ناتوانێت بیانبینێت.
لەکاتی چاوپێکەوتدا بۆت هەیە داوای وەرگێڕێک بکەیت بەهەمان زمانی خۆت (زمانی دایک) وەکو ئەوەی کە یەکامجار لە دۆسیەکاتدا نوسیوتە.
بە هەر حاڵێک کاتێک (OFPRA) بڕیاری خۆی دەدات، ئەو بڕیارە بە نامەیەکی گەرەنتی (تایبەت) ناردن و وەرگرتنت بۆ دەنێرێ کە دەبێت بچیت لە پۆست وەریبگریت.

- <u>ئەگەر هاتوو داواکەت ڕەت کرایەوە</u>، ماوەی یەک مانگ مۆڵەتت هەیە لە بەرواری وەرگرتنی بڕیارەکەوە بۆ داواکردنی پیاچونەوە(appel) بە دۆسیەکەتدا لە بەردەم لیژنەی پێداچوونەوەی پەناهەندەکان(CNDA). لەم حاڵەدا دەبێت بڕیاری رەتکردنەوەکە شی بکرێتەوە لە بەر چ هۆیەک وە بۆچی واتە (OFPRA) دەبێت هۆیەکان دیاری بکات کە بۆچی داوای پەنابەری ڕەت کردووەتەوە.
- <u>ئەگەر هاتوو داواکەت قبووڵ کرد</u> ، پێویستە لە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگا ئامادەبیت و دەقی بڕیارەکەت پێبێت لەگەڵ ناونیشانی ئەو کەسەی کە لە لای نیشتەجێی لەگەڵ چوار وێنە.

<u>ئەگەر بە پەناهەندە ناسرایت</u>، پارێزگا لە ماوەی 8 ڕۆژدا ڕێسی پیسێ (récépissé) "شین" ی داواکاری کاری مانەوە (ئیقامە) ت دەداتێ کە دەتوانرێت نوێ بکرێتەوە هەر سێ مانگ جارێک ناونیشانی "ناسراو بە پەنابەر" ی لەسەرە. ئەمە مافی کار کردنت پێ دەبەخشێن.
<u>ئەگەر (OFPRA) تەنها مافی پاراستنی لاوەکی داتێ، پارێزگا کارتێکی مانەوەی کاتیت ئەداتێ "ژیانی تایبەت و خێزانی" بۆ یەک ساڵ و نوێ دەکرێتەوە. واتە پەناهەندەی نیت، بەڵام بۆت هەیە بەشێوەی کاتی بمێنیتەوە.</u>

**<u>پێداچوونەی دۆسیەکەت لەدادگای نیشتمانی مافی پەنابەرێتی(CNDA) دژی بڕیاری ڕەتکردنەوەی داواکەت لە لایەن (OFPRA) وە</u>**

پێداچوونەوەی دوسیەکەت دژی بڕیاری نێگەتیڤی (OFPRA) ئەبێت بە زمانی فەڕەنسی بنووسرێت و بەنامەیەکی تایبەت (گەرەنتی) لەگەڵ داواکردنی بەڵگەی وەرگرتن لە وەرگر بنێردرێت بۆ کۆمیتەی پێداچوونەوەی پەنابەران(CNDA[2]). ئەم نامەیەش ئەبێت بگاتە کۆمیتەکە لە ماوەی 30 ڕۆژ لە بەرواری وەرگرتنی بڕیاری نێگەتیڤی(OFPRA) ەوە.
بۆ ئەم پێداچونەوەیە پێویستە ئەم هاوپێچانە هەبێت:

- <u>ئەگەر هاتوو وەڵامێکی نێگەتیفت هەبوو بە نوسراو</u>، کۆپی بڕیاری ڕەفزکردنەکەی (OFPRA).

[2] *CNDA : Cour National de Droit d'Asile.* 35 rue Cuvier - 93100 Montreuil

- ئەگەر هاتوو هیچ وەڵامێکت پێ نەگەشت لە لایەن (OFPRA) تا 2 مانگ لە چاوەڕوان کردن ، دەتوانیت بەردەوام بیت لە چاوەڕوانیکردن پێویستە وەڵامێک بگات. بەڵام ئەگەر هاتوو ویستت لە بەر چەند هۆیەکی تایبەتی کاروبارەکانت زوو پرواتت، ئەتوانیت دوای ئەوە داوای پێداچونەوە لە (CNDA) بکەیت. دەتوانی وا دانێیت کە 2 مانگ بێدەنگی (OFPRA) بێ وەڵام بە مانای ڕەتکردنەوە دێت، کە پێی دەڵێن" ڕەتکردنەوەی نا ئاشکرا" . ئەگەر هاتوو ئەوەتان هەڵبژارد، ئەبێت بە زمانی فەڕەنسی وە بە باشی هۆیەکانی داواکردنی پەناهەندەییت بۆ (CNDA) باس بکەیت، ڕونی بکەرەوە کە تۆ ئەو 2 مانگی بێدەنگی(OFPRA) بە مانای رەتکردنەوەی داواکەت دادەنێیت وە نامەکەت ببەستە بە کۆپی"دۆسسیەکەی کە ناردوتە بۆ (OFPRA)" – بە نامەی تایبەت لەگەڵ گەرەنتی وەرگرتن و ناردنی نامەکەت- لەگەڵ بەڵگەی یەکەمین داواکاری پەناهەندەیت لە (OFPRA) (بەڵگەی وەرگرتن "پەمەیی" لە لایە (OFPRA) ەوە یان ئەو بەڵگەیەی کە داویانیتێ ئەگەر خۆت بەدەستی پێشکەشت کردبوو).

لەم بارەدا ماوەی دیاریکراو (یەک مانگ) بۆ ئاراستەکردنی دۆسیەکەت و نامەکەت بۆ (CNDA) پەیوەندی بە تۆوە نیە: دەتوانن لە هەر کاتێ ویستتان نامە ئاراستەی کۆمیتەی ناوبراو بکەن.

لە هەر دوو حاڵەتدا، پێویستە هۆیەکانی داواکردنی پێداچوونەوەی دۆسیەکەت زۆر بە جوانی و وردی باس کرابێت بۆ رەتکردنەوەی بڕیاری"OFPRA" واتە هۆکارە تایبەتەکانی بە جێهێشتنی وڵاتەکەت بە تەواوی، وە هەروەها باسی هەموو ئازارو ئەشکەنجە و هەڕەشە ترسناکانەت بکەیت ئەگەر هاتوو دوچاری بووبیت لە وڵاتەکەت یا خود مەترسی دوچار بوونت هەبوو ئەگەر بمابایت لە وڵاتەکەت. وە پێش هەموو شتێ دەبێت باسی ئەوە بکەیت کە لە سەر چی ئێوە ڕازی نین بە بڕیاری نێگەتیڤی"OFPRA" بۆ ئەم مەبەستەش دەبێ هۆیەکانی ڕەتکردنەوەی دۆسیەکەت لە لایەن"OFPRA" باس بکەیت (هۆیەکان لە نامەی بڕیارەکەدا دیاریکراون کە بۆت هاتوە) و وەڵامیان بدەیتەوە بە بەڵگە دژی هۆیەکانی ئەوان. بەشێوەیەکی ووردتر، ئەتوانیت داوا لە (CNDA) بکەیت – بە نامەی تایبەت لەگەڵ گەرەنتی وەرگرتن و ناردنی نامەکەت- مافی خوێندنەوە و کۆپی کردنی ئەو دۆسیەی کە"OFPRA" لە سەر ئێوە ئامادەیکردوە (بە تایبەتی تێبینیەکانی چاوپێکەتنەکە،ئەگەر سوودی لێ ببینی). ئەگەر ئەم داوایەت کرد، (CNDA) بانگهێشتت دەکات بۆ ئوفیسەکەی بۆ تەماشاکردنی دوسیەکە لە شوێنی خۆیان. ئەگەر پارێزەرت هەبوو، ئەوە داوا لە پارێزەرت بکە بۆ تەماشا کردنی دۆسیەکەت.
(CNDA) واتە پەناگەی نیشتمانی مافی پەنابەریی.
ئادریس:35 rue cuvier- 93100Montruil

**ڕونکردنەوەی پێداچوونەوە و چاوپێکەوتن لە دادگای نیشتمانی مافی پەنابەرێتی**

ئەم ئامۆژگارییانە زیاتر پێویستت پێی دەبێت چونکە زۆرجار دۆسیەی پێداچوونەوەت ڕەت دەکرێتەوە بە بێ چاوپێکەوتن لە لایەن(CNDA) ئەگەر هاتوو حوکمی ئەوە درا کە دوسیەکەت زۆر بە وردی باس نەکراوە، بە تایبەت لە سەر وەڵامەکانت سەبارەت بە هۆکارەکانی بڕیاری رەتکردنەوە لە لایەن(OFPRA).
تەنها لە حاڵەتی "پرۆسەی تایبەت - لە پێشتر-" "récépissé" کەت ڕێگەت دەدات بمێنیتەوە لە فەڕەنسا و نوێی بکەیتەوە لە لایەن پارێزگای شارەکە هەتا (CNDA) بڕیار دەدات. بۆ ئەم مەبەستەش ئەبێت کۆپی نامەی(CNDA) بدەیتە پارێزگا کە ئەبێتە بەڵگەی گەیشتنی داواکاری پێداچونەوەکەت وە ژمارە دۆسیەیەکی نوێی لەسەرە (بۆنمونە: 457623).
پاشتر دەتوانیت تێبینی خۆت یا خۆ دۆکیومێنتی تەواوکەر بنێریت بۆ(CNDA) (بە ناردنی نامەی گەرەنتی وە لە گەڵ ژمارەی دۆسیەکەت) وە لە گەڵ هەر شتێکی تری پێویست بۆ بەرگری لە خۆتکردن.
(CNDA) تەماشای هیچ بەڵگەیەکی نوێ ناکات ئەگەر سێ ڕۆژ پێش چاوپێکەوتنەکە پێی نەگات.
هەموو تێبینیەکانی داواکەرو بابەتەکانی تر کە زیادی ئەکەیت بۆ دۆسیەکە ئەبێت بە زمانی فەڕەنسی نووسرابێت، یان ئەگەر هاتوو کۆپی ئەسڵی لە گەڵ بوو بە زمانی بێگانە ئەوە لێرەدا پێویستی بە وەرگێرانە بۆ زمانی فەڕەنسی لە لایەن وەرگێری ڕەسمی باوەڕ پێکراوەوە.
دەتوانن داوای یارمەتی یاسایی بکەی (وەکو دابین کردنی پارێزەرێک بە خۆرایی) ئەگەر ڤیزات هەبێت یان بە ڕێگای شەرعی هاتبووی بۆ فەڕەنسا.
لانی کەم دەبێت 15 ڕۆژ پێش چاوپێکەوتنەکە ئاگادار کرابیت بە نامەیەکی گەرەنتی.
(CNDA) بە شێوەیەکی گشتی چوار هەفتە دوای گوێلێگرتنت لە چاوپێکەوتنێکی کراوە کە دەتوانن ڕای خۆتان دەربڕن بڕیار دەدات. دەتوانیت کەسێک بۆ هاوکاری ببەن ( پارێزەر یان نوێنەری ڕێکخراو) لە گەڵ وەرگێرێک (باشترە داوا لە (CNDA) بکەیت لە کۆتاییدا کە کە بەنوسراو پێداچونەوەکەت بدەنێ). وەهەروەها دەتوانی کەسانی تر لەگەڵ خۆت ببەی کە دەبنە یارمەتیدەری بەهێزکردنی دۆسیەکەت (بۆ نمونە ئەندامی ڕێکخراوێک یان شاهید). ئامادەبونت لە چاوپێکەوتن زۆر گرنگە: بۆ دڵنیابوون کە

بانگهێشتنامەکەت پێ ئەگات، پێویستە پەیوەندی بە (CNDA) بکەیت، بە (نامەی گەرەنتی لەگەڵ بەڵگەی وەرگرتن) لەگەڵ نوسینی ژمارەی دۆسیەکەت، وە هەر گۆڕانکاریەک لە ناونیشاندا.

**بڕیاری کۆمیتەی پێداچوونەوە**

- ئەگەر هاتوو داواکەت قەبووڵ کرا، پێویستە سەردانی پارێزگای پۆلیس بکەی و بڕیاری (CNDA) پێبێت کە بە پۆست بۆیان ناردویت لەگەڵ ناونیشانی کەسێک، هەروەها 4 وێنە.

ئەگەر بە پەناهەندەناسرایت، وە پارێزگای پۆلیس لەماوەی 8 ڕۆژدا (récépissé) یەکی داواکاری کارتی مانەوەت پێئەدات کە ماوەکەی 3 مانگەو نوێ ئەکرێتەوە بە ناونیشانی (reconnu réfugié) واتە بە پەناهدە ناسراو. ئەم مۆڵەتی مانەوەیە ڕێگەی کارکردنت پێئەدات.
پەناهەندەی ناسراو لە لایەن (OFPRA) یان (CNDA) کارتێکی نیشتەجێ بوون وەردەگری بۆ ماوەی 10 ساڵ کە بە شێوەیەکی ئۆتوماتیکی نوێ دەکرێتەوە.
ئەگەر ڕەزامەند بون لەسەر (مافی پارێزگاری لاوەکی)، پارێزگاری پۆلیس کارتێکی مانەوەی کاتیت دەداتێ (ژیانی تایبەتی و خێزانی) بۆ ماوەی یەک ساڵ و نوێ دەکرێتەوە.

- ئەگەر هاتوو داوای پێداچوونەوە ڕەت کرایەوە لەلایەن (CNDA)، ئەوە پارێزگا (récépissé) ی داواکاری پەناهەندەیت لێدەستێنێتەوە. وە ئەبێ خاکی فەرەنسا بە جێ بهێڵێ لە ماوەی مانگێک بە مەبەستی چوون بەرەو سنوور یا خۆ جێ بە جێ کردنی کاروباری پاسایی.

لەم حاڵەتەدا نامەیەکی زۆرەملێت پێئەگات کە پێویستە خاکی فەرەنسا بەجێبهێڵیت. وەپێویستە داوایەکی پێداچونەوە پێشکەش بکەیت بە دادگا لەماوەی ئەومانگەدا. پێویستە خێرا نارەزایی دەربڕیت لەڕێگەی ڕێکخراو یان پارێزەرێکی شارەزا.
بۆئەوەی لێت تێک نەچێت لەگەڵ دەسگیر کردن و بەڕێکردن بۆ سنور لەکاتێکدا کە مۆڵەتی مانەوەت نەبوە. لەم حاڵەتەدا، پێویستە لەماوەی دوو ڕۆژدا نارەزایی پێشکەش بکەیت لە دادگا.

**پارێزگاری کردنی لاوەکی**

ئەگەر هاتوو مەرجەکانی بەناهەدە نەیگرتنەوە، (OFPRA) دەتوانێت چاو بە داواکەت بخشێنێتەوە لە چوارچێوەی" پارێزگاری کردنی لاوەکی". بۆ ئەمە، پێوسیتە بیسەلمێنن کە هەڕەشەی گەورە و ڕاستەوخۆ لەسەر ژیانتان یان ئازادیتان هەیە، وەکو سزای لە سێدارەدان، ئەشکەنجەدان، هەڵسوکەوتی نامرۆیی و کەسایەتی شکێن. بەڵام تۆ پەناهەندەیی یان پارێزگاری لاوەکی هەڵنابژێریت، (OFPRA) و(CNDA) هەڵی ئەبژێرن.
ئەگەر هاتوو (OFPRA) ئەم پارێزگاری کردنەی پێبەخشیت، کارتێکی نیشتەجێ بوونی کاتی بۆ ماوەی ساڵێک وەردەگریت بە ناو نیشانی" ژیانی تایبەتی و خێزانی". نوێ کردنەوەکەی بەندە بە بارودۆخی وڵاتەکەت، وە مەرجەکانی بەرگری لێکردنت.
ئەگەر هاتوو واتان دانا کە بارو دۆختان زیاتر مەرجی پەناهەندەیتان پێ دەبەخشێ دەتوانی داوایەکی پێداچوونەوە دژ بە بڕیاری(OFPRA) پێشکەش بکەن. لە کۆمیتەی پێداچوونەوەی پەناهەندەکان.

**ڕێوشوێنەکان بۆ نەوجەوان (تەمەنی خوار 18 ساڵ)**

**1- ڕێوشوێنی پەنابەری:**

مەرجەکانی تاقیکردنەوەی داواکردنی پەناهەندەیی نەوجەوانێک تاڕادەیەکی زۆر هەر هەمان مەرج و شێوەی مەرجەکانی داوایەکی کەسێکی پێگەیشتووە" بالغ" جا پێویستە لە سەر نەوجەوانان هەموو ئەم دۆکیومێنتە بخوێننەوە.
نەوجەوان ئەبێت بچێتە پارێزگای شارەکەی کە لێی نیشتەجێ یە لەگەڵ بەڵگەیەکی ناونیشانی نیشتەجێ بوونی" تەماشای لاپەڕە یەک بکە". ئەگەر هاتوو تەمەنی لە 14 ساڵ کەمتر بوو، مافی فۆتۆکوپی کردنی پەنجەکانی دەستیان نیە. ئەگەر لە 14 ساڵ گەورەتربوو، ئەوە فوتوکوپی پەنجەکانی وەردەگیردرێ. بە شێوەیەکی گشتی پارێزگاکان دەسبەجێ هیچ ڕوخسەتێکی نیشتەجێ بوون نادەن بە نەوجەوان (وەکو APS, récépissé – تەماشای لاپەڕە 10 بکە). بەشێەوەیەکی گشتی، تا ئێستا ئەم یاسایە رەچاو کراوە( تشرینی یەکەم 2005).
پاشان یان پارێزگا ئاگاداری داواکاری گشتی وڵات ئەکات لە دادگا" قازی دادگا" کە نەوجەوانێک داوای پەناهەندەیی دەکات یان (OFPRA) دەیکات کاتێک داواکاری پەناهەندەیی نەوجەوانەکەی پێگەیشت (ڕێگە بدە (OFPRA) پڕی بکاتەوە).
تا داواکاری گشتی وڵات کەسێکی پێگەیشتوو ناو ئەنێت بۆ یارمەتی دانی ئەم نەوجەوانە (پێی ئەڵێن شارەزای کارگێڕیی)، داوای پەناهەندەییەکەی تەماشاآناکرێت لە لایەن(OFPRA) ەوە. کاتێک ئەم کەسایەتیە ناونرا، بە هاریکاری نەوجەوانەکە واتە بە دوان ئیمزا لە سەر داوای پەناهەندەیی

نەوجەوانەکە دەکەن،وە (OFPRA) دەتوانێت دەست بکات بە تەماشاکردنی دۆسیەکەی. ئەم کەسە دەتوانێ یارمەتی تەواو کردنی دۆسیەی نەوجەوانەکە بدات، هەروەها دەتوانێ بەشداری چاوپێکەوتنی نەوجەوانەکە لە لایەن(OFPRA) بکات یا خود هیچ نەکات.
لە حاڵەتی رەتکردنەوەی داواکە لە لایەن(OFPRA) ەوە مەرجەکانی پێدا چوونەوە لە پێش (CNDA) هەر هەمان مەرجەکانی کەسێکی گەورەو پێگەیشتوە. تەنها یەک جیاوازی هەیە ئەویش دەبێت ڕەزامەندی وئیمزای کەسەکەی هەبێت، وەکو چۆن لە بەردەم (OFPRA)، یارمەتی ئەدات یا نا.

## 2- بەرگری لە لایەن دادوەری منداڵان

پەناهەندەیی هیچ کاتێک نابێتە تاکە بەرگرییەک بۆ نەوجەوانانی بێگانە کاتی تەنیا بوونیان " بێ بونی کەسێکی گەورە لە خێزانیەکەی لە فەڕەنسا". ئەم نەوجەوانانە دەتوانن نامەیەک بنێرن – بە نووسین باشترە، بە ناردنی گەرەنتی و بەڵگەی وەرگرتن (وێنەیەکی نامەکە لای خۆی بپارێزێت)- بۆ دادگای نەوجەوانان داوایەکی پارێزگاریکردن کە مافی ئەوەی ئەبێت بگیریتەئەستۆ (لە شوێنێک بژیت) و بچێتە خوێندنگە (ناونیشان لە پاریس: بەڕێز سەرۆک دادگای نەوجەوانان (TGI) پاریس، TGI de Paris, 4, boulevard du Palais, 75001 Paris). گونجاوە و باشترە کە لە لایەکەوە داوای پەناهەندەیی لە (OFPRA) بکرێت و لە لایەکی دیکەوە داوای پارێزگاری لەلای دادوەری نەجەوانان بکرێت.
لە کاتی بونی کێشە لەگەڵ دادوەری نەوجەوانان (ڕەتکردنەوەی داواکەت یان بێدەنگی دادوەر بەرامبەر داوا نوسراوەکەت بۆ پارێزگاریکردن، کە وورده وورده ڕو لە زیاد بونە) ، ئاگاداری (بەرگریکاری نەوجەوانان) بکە و لە بارووذۆخەکە بە پێدانی ناونیشانی خۆتان تا بتوانێ پەیوەندیتان پێوەبکات و وەڵامتان بداتەوە. ئەمەش ناونیشانی بەرگریکاری منداڵان. (Défenseur des enfants, 104 boulevard Blanqui, 75013 Paris)

## <u>مافەکانی داواکەری پەناهەندەیی</u>

### یارمەتی دارایی

مافی یارمەتی "دارایی کاتی چاوەڕوانی" تان هەیە کە دەکاتە نزیکەی 300 یۆرۆ، تاوەکو ئەتوانن بچنە سەنتەرێکی پێشوازی لێکردنی پەنابەران (CADA)، وە تاوەکو بریاری (CNDA) ت وەرنەگرتبێت.
بۆ ئەم مەبەستە دەبێت (APS, récépissé) وە هەروەها بەڵگەی دانانی داواکەت لە (OFPRA) هەبێت و:

- حیسابێکی بانکی لە پۆست یاخود لە بانکێکی تر بکەیتەوە.
- ئامادەبیت لە (ASSEDIC) لەم ناونیشانە :
- 25, passage Dubail, 75010 paris

لەکاتی داواکردنی (ASP) لە پارێزگ، پێویستە فۆرمێک پربکەیتەوە و بڵێیت ئەتەوێت جێگات بۆدابین بکەن یان نا. ووریابە ئەگەر ڕەفزی بکەیت ئەوا یارمەتیە داراییەکەشت کێشەی تێ ئەکەوێت.
ئەتوانیت سودمەندبیت لەم یارمەتیە کاتێک مافی (پارێزگاری لاوەکی) ت ئەدەنێ بۆ ماوەی 12 مانگ.

### کار

ئەگەر ویستتان کار بکەن، تەنها لەم حاڵانەدا ڕێگەپێدراوە:

- دوای یەک ساڵ چاوەڕوان بوون لە (OFPRA) وە داوای پەناهەندەیتان وەڵامی کۆتایی نەبێت.
- پاش رەتکردنەوەی داوکەتان لە لایەن (OFPRA) وە داواکردنی پیاداچونەوە لە (CNDA).

بەڵام لەم دوو حاڵەتەشدا کار کردن زۆر زەحمەتە. داوای ڕێنمایی بکە لە ( Collectif de soutien des exilés).

### شوێنی نیشتەجێبوون

ئەگەر هاتوو وەڵامی نامەکەت دراوە کە نامەکەت وە داواکەت گەیشتە (OFPRA) دەتوانن نیشتەجێبن لە سەنتەرێکی میوانداری پەناهەندەکان(CADA, AUDA) هەتا هەموو هەنگاوەکان جێ بەجێ دەکرێت. دەتوانن پەیوەندی بە رێکخراوەکان بکەن" تەماشای دەلیلی پراکتیکی هاوبەندی پاڵپشتیکردنی پەنابەرەکان" بکە بۆ پێشکەشکردنی داوایەک لە سەر ئاستی فەڕەنسا.
پێش یان پاش وەرگرتنی (récépissé) ئەگەر شوێنی نیشتەجێ بوونتان نەبوو، دەتوانیت پەیوەندی بەم ناونیشانەی خوارەوە بکەن، ئەگەر لە پاریس دەژین:
خێزانێک کە منالیان هەبێت:
CAFDA, 44 rue Planchat, 75020, paris
کەسی تەنیا یان کوروکچێک بە بێ منداڵ:
FTDA, 4 rue Doudeauville, 75018 Paris
لە کاتی تەنگانە یا خود سەرنەگرتنی هیچ کام لەهەوڵەکان، دەتوانن بە تەلەفوون پەیوەندی بە ژمارە 115 کە پێی دەڵێن(Samu social) بکەن بۆ پێشوازیکردنی تەنگانەیی، یا خود تەماشای لیستی شوێنی

نیشتەجێبوونی تەنگانە بکە لە دەلیلی پراکتیکی (هاوبەندیی پاڵپشتیکردنی پەنابەرەکان- Collectif de soutien des exilés).

**تەندروستی**

بۆ تەندروستیتان ئەتوانن بەخۆرایی چارەسەری خۆتبکەیت بە یارمەتی" CMU" کە پێی دەڵێن(Couverture Maladie Universelle) تەماشای دەلیلەکە بکە.